# مەرجەکانی وەر گرتنی کردەوە لای خوای گەورە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## سالار چۆمانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ شروط قبول العمل عند الله تعالى ﴾

« باللغة الكردية »

سالار جوماني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# مەرجەكانی وەر گرتنی كردەوە لای خوای گەورە

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين. أما بعد:

بێگومان دروست بوونی مرۆڤەكان لەلایەن خوای باڵادەستەوە مەبەستێكی دیاری كراوی هەیە كە ئەویش پەرستن و بەندایەتی كردنی خوای گەورەیە هەروەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [ الذاريات: ٥٦] واتە: من جنۆكە و مرۆڤەكانم دروست نەكردووە تەنها بۆ بەندایەتی كردنی من نەبێت و من بپەرستن و كڕنوش و سوژدەم بۆ ببەن. كەواتە زانیمان كە خوای گەورە ئێمەو جنۆكەكانی بۆ عیبادەت دروست كردووە بۆیە پێویستە بزانین عیبادەت چیە؟

قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : ((العبادة إسم جامع لكل ما يحبه الله ويرضاه من الأقوال و الأفعال الظاهرة و الباطنة)) مجموع فتاوى جزء : ١ / صفحة : ٣ واتە: عیبادەت ناوێكی گشت گیرە بۆ هەموو ئەو شتانە دەوترێ كە خوای گەورە پێ خۆشە و پێ ی رازیە لە گوفتار و ڕەفتارە دەرەكی و ناوەكیەكان.

ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دوو شتی زۆر گرنگ باس دەکات لە ناو پێناسەکەی ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموویێت: عیبادەت ئەوشتەیە (ما یحبە اللە ویرضاە) واتە: خوای گەورە پێی خۆش بێت ، وە پێ ی ڕازی بێت . بۆئەوەی ڕونتر بێت نمونەیەك باس دەکەین، ئەگەر بێت و کەسێك نوێژی نیوەڕۆ بکات وەکو چۆن پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) چوار ڕکاعەتی کردووە ئەوا ئەو نوێژە لای خوای گەورە خۆشەویستە و پێشی ڕازیە، بەڵام کەسێك هەر نوێژی نیوەڕۆ بکات بەڵام بیکاتە پێنج رکاعەت یاخوت شتێکی تری بۆ زیاد بکات ئەوا بەم شتە ناوترێت عیبادەت چونکە ڕاستە لای خوای گەورە خۆشەویستە چونکە نوێژە بەڵام مەرجی دووەمی تێدانیە کە دەبێت خوای گەورە پێشی ڕازی بێت کەواتە هەردووکیان بەیەکەوە بەندن چونکە زۆر جار کەسانێك بەحیسابی خۆیان عیبادەت دەکەن شتانێك دەکەن کە مەبەستیان پێ نزیك بوو نەوەیە لە خوای گەورە بەڵام ئەنجامەکەی هیچ نیەو هیچی پێ نابڕێ بەڵکو جاری واهەیە لەسەریشی قەرزار دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی کە شتێکی کردووە بەناوی دین بەڵام دین نەبووە و پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) نەیکردووە و هاوەڵە بەڕێزەکانیشی نەیان کردووە (ڕەزای خوایان لێبێت) کەواتە ئەمە عیبادەت نیە بەڵکو بیدعەیە. بۆیە زۆر پێویستە موسڵمانان بزانن ئەو مەرجانە چین کە دەبێتە هۆی وەرگرتنی کردەوەکان لای خوای گەورە چونکە ئەگەر ئەو مەرجانەی کە

باسی دەکەین لەهەر عیبادەتێك دا نەیەتەدی ئەوا خاوەنەکەی ڕەنج بەخەسارو ماندوو بوونەکەی بێ سودە، وەلەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو ئەم شتەی تۆ دەیکەی عیبادەت نەبێ و بەناوی دین بیکەیت ئەوا تاوان باری چونکە شتێکی زیادکراوت لە دین داهێنا کە پێیدەوترێت بیدعە وە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: «مَن أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد» [ رواه البخاري: (٢٦٩٧) ومسلم: (١٧١٨)] واتە: هەرکەسێك شتێك دابێنێ و ئەمر و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ و ئێمە نەمان کردبێ ئەوا ئەم شتەی بەسەر دادەدرێتەوە و لێی وەرناگیرێ، وە دیارە کە بیدعە تاوانەکەی چیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: «وكل بدعة ضلالة و كل ضلالة في النار» [ رواه احمد برقم (١٤٣٧٣) و مسلم (٨٦٧) و النسائي (١٥٧٨) و إبن ماجه (٤٥)] واتە: هەموو داهێنراوێك لە دین دا گومڕاییە وە هەموو گومڕاییەکیش بۆناو ئاگرە .

بۆیە برای موسڵمان دەبێت زۆر وریابیت شتێك نەکەیت کەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) نەیان کردوە ئەوەندە بکە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کردوویەتی بەستە، خۆناتەوێ لەوان بەدین تر بیت، لەسەر سوننەت برۆ و واز لە شتەداهێنراوەکان بهێنە چونکە دڵنیابە لێت وەرناگیرێ وە قبوڵ بوونی کردەوە زۆر

گرینگە نەك تەنها کردنی چونکە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زۆر جار دەگریان بەڕای تۆ بۆچی گریابن؟ تاوانیان دەکرد؟ یان عیبادەتیان؟ نەبوو نەخێر بەڵکو بۆئەوە دەگریان دەیان فەرموو: دەبێ خوای گەورە ئەو کردەوانەمان لێ قبوڵ بکات کە کردوومانن کەواتە زۆر گرینگە ئەوەندەی ئێمە دەیکەین لە نوێژ و تەراویح و نوێژی سوننەت و ڕۆژو گرتن و حەج و عەمورە کردنمان ئەوەندەمان قەبوڵ بێت بەسمانە بۆ دواڕۆژی خۆمان ئەویش بەرەچاوکردنی ئەم سێ مەرجانەیە کە باسی دەکەین ان شاء الله بەگوێرەی ئایەت و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) .

(( مەرجەکانی وەرگرتنی کردەوە ))

١ـ الایمان بالله و توحیده:

مەرجی یەکەم ئەوەیەکە دەبێ موسڵمان بێت و ئیمانی بەخواو و مەلائیکەتەکان و پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانییەکان و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر خەیرو شەڕری هەبێت ، وەدەبێت کەسێکی موەحید بێت واتە هاوەڵ و شیرك بۆ خوای گەورە بڕیارنەدات ئەبێ خوای پەروەردگار بەتاك دابنێ لە دروست کراوەکان و وەهەروەها لە پەرستنیشدا چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا کردەوەکان هەمووی بە فیڕۆ دەچێت خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَقَدِمْنَا إِلَىٰ مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا

﴿ [الفرقان:٢٣] واتە: كاتێك تەماشای كردەوەكانمان كردن كەوادیار بوو كە كردەوەكانیان باش و چاكن بەڵام ئێمە گێڕامانن بەتۆزو خۆڵ لەناومان بردن وەكو ئەو تۆزەمان لێكردن كە دیارنیە تەنها كە ڕۆژ لێی دات ئینجا بەدەردەكەوێ وەئەم كردەوانەیان هیچ سودی بۆیان نابێت تاوەكو ئیمان نەهێنن بەخوای تاك و تەنها شوێن ڕێبازی پێغەمبەرەكەیان نەكەون (صلی اللە علیە وسلم) .

سوفیانی ثەقەفی ئەفەرمووێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر كرد (صلی اللە علیە وسلم) و فەرمووی: یارسول اللە شتێكم پێ بڵێ لە ئیسلام كە لەدوای تۆ پرسیار لەكەسی تر نەكەم وە بەسم بێت پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی: «قل آمنت بالله ثم استقم» [رواه مسلم : (٣٨) ] واتە: بڵێ باوەڕم بەخوای گەورە هەیەو بەتەنها دەیپەرستم و وە لەسەر ئەمە بەردەوامبە تا دەمری . وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[الأنعام: ٨٨] واتە: خوای گەورە باسی پێغەمبەران دەكات (علیهم الصلاة والسلام) ئەفەرموێ ئەگەر هاتباو هاوەڵ و شەریكیان بۆ خوا بڕیار دابا ئەوا كردەوەكانمان بۆ پوچەڵ دەكردنەوە و هیچمان لێ وەرنەدەگرتن چونكە خوای گەورە لەگەڵ شیرك و هاوتابڕیاردان هیچ كردەوەیەك وەرناگرێ تەنانەت لە پێغەمبەرانیش، هەروەها خوای گەورە دەربارەی پێغەمبەری

خۆمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویت: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ [ الزمر: ٦٥ ] واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئێمە نیگامان بۆت کردووە هەروەکو چۆن بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆمان کردوە ئەگەر هاوەڵ و شریك بۆ خوای گەورە بڕیاربدەیت ئەوا کردەوەکانت بەتاڵ و پووچ دەکەینەوە وە دەت کەین بەکەسێکی خەسارەت مەندوو دەست بەتاڵ لە ڕۆژی دوایی چونکە خوای گەورە لەگەڵ شیرك هیچ کردەوەیەك وەرناگرێ ئەگەر پێغەمبەریش بێت. وەشیرك ئەو شتەیە کە لەکاتی عیبادەت کردندا شتێك بکەی بۆ غەیری خوا بۆنمونە داوا لە غەیری خوا بکەی و حەیوان بۆ غەیری خوا سەر ببڕی و لەسەر مەرقەدەکان بۆئەوەی بەدوای بانگەوازەکەتانەوە بێت یان داوای یارمەتی لە پێغەمبەرێکی مردوو یان پیاو چاکێکی مردووە بکەیت .

٢ـ الإخلاص: وهو العمل لله من غير رياء و لا سمعة.

مەرجی دووەم لە مەرجەکانی وەرگرتنی کردەوەکان لای خوای گەورە (الإخلاص)ە واتە ئەو کردەوەی کەدەیکەی تەنها مەبەستت تێییدا خوای گەورە بێت نەك مەبەستت باسکردنی خەڵك و پێش چاوی خەڵکی بێت بۆ ئەوەی باست بکەن بە چاکە . چونکە ئەگەر هاتوو کاری باشت کرد بەڵام مەبەستت

باسکردنی خەڵك بێت ئەوا لە ڕۆژی دوایی هیچ پاداشتی لەسەر وەرناگری و بەکەڵکت نایەت چونکە پاداشتەکەت لە دوونیا وەرگرتەوە کە خەڵك بە باشە باست بکات. خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ﴾ [غافر: ٦٥] واتە: داوا لە خوای گەورە بکەن کاتێك ویستتان داوای شتێك بکەن ،وە عیبادەت و چاکەکردنتان تەنها بۆ خوای گەورە و مەبەستان لە دینداریدا تەنها ئەو بێت. بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەی فەرموو: « أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال لا إله إلا الله خالصا من قلبه» [رواه البخاري برقم (٩٩)و (٦٥٧٠) ] واتە: بەختەوەرترین کەس لە ڕۆژی قیامەت بەرشەفاعەت و تکای من دەکەوێت ئەو کەسەی کە بڵێ هیچ کەسێك شایەنی پەرستن نیە بەحەق و ڕاستی جگە لە الله نەبێت لە ناخی دڵیەوەبێت و تەنها مەبەستی خوابێت.

٣ـ الموافقة لما جاء به الرسول (صلى الله عليه وسلم) .

مەرجی سێیەم کە بەڕاستی بە مەرجێکی ئەساسی و سەرەکی دادەنێم چونکە زۆرێك لە موسڵمانان لێی بێ ئاگان دەرکی پێ ناکەن وائەزانن ئەو شتەی کە دەیکەن تەنها پێی بڵێن عیبادەت ئەوا بەسە بەڵام ڕەچاوەی ئەم خاڵە سەرەکیە ناکرێ لەکاتی کردنی هەرعیبادەتێك ئەویش ئەم شتەی کەدەیکەن دەبێت وەکو ئەوەبێت کە پێغەمبەر (صلى الله عليه

وسلم) هێناویەتی و کردوویەتی چونکە ئەگەر وەکو ئەونەبێت ئەوا وەرناگیرێ وقبوڵ ناکرێ . خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ [الحشر: ٧] واتە: ئەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێتان دەبەخشێ و فەرمانتان پێدەکات ئێوە وەری بگرن و جێ بەجێ ی بکەن، وە قەدەغەی هەرشتێکتان لێبکات ئێوە مەی کەن و خۆتانی لێ بەدوور بگرن. وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویێت: «مَن أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد» [ رواه البخاري: (٢٦٩٧) ومسلم: (١٧١٨)] واتە: هەرکەسێك شتێك دابهێنێت لە دینداو ئەمرو فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا بەسەری دادەدرێتەوەو لێی قبوڵ ناکرێ . وە لەریوایەتی ئیمام موسلم داهاتوە دەفەرموویێت: «من عمل عملا ليس عليه امرنا فهو ردٌّ» [رواه مسلم (١٧١٨) ] واتە: هەرکەسێك کردەوەیەك بکات و ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت و ئێمە نەمان کردبێت ئەوا بەسەری دادەدرێتەوە و ڕەت دەکرێتەوە و لیێ وەرناگیرێ.

مەبەست لەم دوو فەرموودانە ئەوەیە کە کەسێك بەناوی دین شتێك بکات و لە دینیشدا نەبێت واتەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (ڕەزای خوایان لێبێت) نەیان کردبێت ئەوا پێی ناوترێ عیبادەت و دینداری چونکە ئێمە یاسایەکمان هەیە کە زانایان فەرمویانە ((الأصل في العبادة التوقيف))

واتە: ئەصل لە عیبادەت کردندا راوەستانە لەسەری مەبەست ئەوەیە دەبێ بەم شێوازەبێت کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) پێی هاتووە و کردوویەتی هەروەکو ئیمامی مالك (رەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ((مالم یکن یومئذٍ دیناً فلا یکن الیوم دیناً)) واتە: هەرشتێك ڕۆژی خۆی مەبەست زەمانی پێغەمبەرە (صلی اللە علیە وسلم) دین نەبووبێت و پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) و هاوەڵانی نەیان کردبێت ئەوا ئەمڕۆ نابێتە دین بە ڵکو دەبێتە شتێکی داهێنراو و بیدعە ئەگەر بەناوی دینیش بکرێت .

موسڵمانی بەڕێز ئەبێ زۆر ووریا بیت لە ئەنجامدانی هەرکردەوەیەك کە دەیکەی دەبێ ڕەچاوی ئەم سێ مەرجانە بکەی یەکێك لەم سێ مەرجانەی تێدانەبێت ئەوا کردەوەکە مەقبول نیە و وەرناگیرێ بۆ نموونە دەتەوێت عیبادەتێك بکەی وەکو ئەو دوو رکاعەتەی کەبەناوی سوننەت دەکرێ لە پێش نوێژی جومعە ڕاستە ئەو کەسەی ئەم دوو رکاعەتە دەکات مەرجی یەکەم و دووەمی تێدایە کە ئیمان و ئیخلاصەکەیە بەڵام مەرجی سێ یەمی تێدانیە کە موافەقەی سوننەتی پێغەمبەر نیە (صلی اللە علیە وسلم) چونکە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەم کاتەدا ئەم دوورکاعەتەی نەکردووە بێجگەلەوە هەرشتێکی تریش

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە کە لە کردنی کردەوەکانمان تەنها مەبەستمان لێی ئەو بێت و لە سەر سوننەتی پێغەمبەربێت(صلی الله علیه وسلم) بۆئەوەی کردەوەیەکی پاك و دروست و وەرگیراوبێت وە خوای گەورە لە کەم و کورتیەکانمان ببورێ وە داواکارم لە خوای گەورە کە ئەم نوسینەم تەنها ڕەزامەندی ئەو بوبێت لێمی قبوڵ بکات آمین.

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على النبي الأمي محمد وعلى آله وصحبه

ومن تبعهم باخسان إلى يوم الدين